دیوانی شەیدا

گولالەی بەهاری جوانیم

حاجی حسن حاجی فتاح سعید اغا لە سلیمانی سالی ۱۹۱۸ز هاتوتە دنیاوەو لە پاش تدریسی علوم‌و حدیث‌و شریعتی اسلام لە سالی ۱۹۶۳ چووە بو حەج وە لە سالی ۱۹۶۷ کتیبخانەی پیشەوا غەزالی کردوتەوە بەرامبەر مزگەوتی گەورە وە هەموو کتیبیکی بە نرخی کوردی‌و عەرەبی‌و فارسی وە مدرسی لاچنگ ئەکەویت‌و خوی بە بەختیار ئەزانیت لەم کار پیروزەدا عمریکی زور بە شادمانی بەریتە سەر.

چاپخانەی ژین ـ سلیمانی

بسم‌الله الرحمن الرحیم

چاوت وا دیاره

چاوت وا دیاره ئەی یار فیتنە بی‌گومان دەکا
هەزار عاشقی بی چارە چاو پر لە گریان دەکا
ئەمرو موژەی چاوت نیشانی لی گرتم
من وا تیگەیشتم کە جەرگم بریان دەکا
هوشت بردم بە موژەو ئەبروی تیژت
یار رەحمی بە وەفای کرد وەفای خوی بیان دەکا
کە هوشی هاتە سەرم چاوم لە رووی کردەوە
دلبەر نامکوژی دیارە ترسی یزدان دەکا
ووتی پیم « شەیدا » رەحمت پی ئەکەم
جاری تر لیرە نەوەستی بە ناز گیانت دەرئەکەم
سەرسام بووم لە رووی هیچ قسەم بو نەکرا
ووتم با لیرە بروم سیدارەم لە زولفان بو دەکا

بیرەشپان : میژووی / ۱۳ ــ ۸ ــ ۱۹۷۰ پیتی « د » : ــ

شینی فەرهادی

شینو گریان من ئەکەم هەر بە وینەی فەرهاد
دائم لە دووری بالاکەت هەر دەم دەنالم ناشاد
بە دوو زولفی رەشوو سام گر
لە تاوی ئەکەم هەر هاوارو داد
رەحمی بە حالم ناکا چونکە رەحمی لە دل نایە
تا لە بەندی زیندانی خوی وەکو دیل بمکا ئازاد
هەر ئەکەم شینو رو رو لە دەس ئەم ژینە تالە

هەر لە دەس ئەم حالە ئدەم هەولو کوششو ئیجتهاد
لە بەندی رزگار نابم بە هیچ ئەرزو حالیکەوە
وا چاکە لە نیو ئەم بەندە خوم بە خوین بکەم بەرباد
یەکی نیە لە رەفیقان سەیری ئەم حالەی من بکا
بەلکو رەحیکم پی ئەکا ئەدا یاریدەو ئیمداد
ئەو یارە چەند بی وەفایە گوی ناگری لە گوفتارم
بلیم ئەم حالە گوناحە با بیدەم وەعزو ئیرشاد
بەلکو گوی راگری لیم بزانی حالی دیل چونە
ئنجا وەفا بنوینی بە دوو ماچ بمکا دل شاد
دەرم بینی لەو بەندە رزگاری ئەم حالە بم
ئەگر جاری تر دورنم ئەو ئەمن نەکا لە یاد
« شەیدا » ئیتر غەم مەخو ژینی خوت مەدە بە باد
سوخمەی لادا بینیم بە باغی تازەوە
نەو بەهاری شکوفی دا تفلی دلم بی چارە ما

پیکەنینی دولبەر

دلبەر ئەمرو بە خەندە هات بە عیشوەو نازەوە
بە سینەی وەك باغەوە بە دوو چاوی بازەوە
زولفی عەنبەر لەب وەك شەکر بە دوو چاوی مەستەوە
هات بەرەو رووم بە چاوی رەشی بازەوە
تاکو ئەمرین هەردوکمان ئەو ئەمن یەك دل بین
ووتم دلبەر بەسیەتی لە سەر یەك بەس دل بشکینە
زولفی لادا دیاری دا شەوقی روخساری
ووتم یا ئەمە سیحرە یا هات بە گفتو رازەوە

یا وەرە جەرگم کون کون کە یا مەیە بەم ئاوازەوە
وینەی بلبل هەر ئەنالم عالەمم خستوتە جوش
ئیتر با بەس بنالینم وەرە روحم بخوازەوە
گوی نەدایە نالینم ئەو یارە بی وەفایە
چاوم سوور بوو لە ئەسرین بە گەردنی وەک قازەوە
غەمزەکەی نیشانم دا گررەی سەند ئاوری دلم
ووتم یا وەرە بسکوژە یا ئەو غەمزە بگوازەوە
دلبەر بەس بسکوژە رەحمی زولفت بشارەوە
یا هاتوینە بو قەتلی من دلبەر تو بەم نیازەوە
بوچ ئەوەندە بی وەفای لە بو قەتلی بی چارە
عومری منت بە بادا بەم لەنجەو بەم نازەوە

نازی دولبەر

دلبەر بە نازی چاوەکەت شیتو شەیدا بوو عاقیبەت
بە غەمزەی چاوی سیات بی نەوا بووم عاقیبەت
سوتاوی دوو چاوی مەستم یەک لەحظە چارەم نەما
لە بەر چاوم نەروی چاکە عاشق بالا بووم عاقیبەت
وەک بلبل هەر ئەنالم بو گولزاری سینەکەت
قوربان وەرە سەیرکە دل بی نەوا بووم عاقیبەت
دەمت بینە جاری بەلام ماچ کەم ئەو دەمو لەبەت
وەفای نەکرد بە حالی من فیری سەهبا بووم عاقیبەت
بە زولفی زولماتی رەشی هەر ئەوە نەبوو رووح بکیشی
لە دل نەما هیچ ئارامم بی تەوا نابووم عاقیبەت
نەپیشت بەهاری شیرکەم بکەم گەشتی لە بەهاری

ووتی برو بەولاوە وەك فەرهاد تەولا بووم عاقیبەت
دلبەرە وەرە جاری گو بگرە لە شین و شیوەنی من
بە موژەی چاوم دات لە سینەم بی نەوا بووم عاقیبەت
دلبەر نەمدی وەکوو تو لە گریانی من بی باك بی
کەوتمە کیوان وەك مەجنوون شیتی لەیلا بوو عاقیبەت
چارەی ئەم شینە قوربان هەر ئەتو هەی بکەی چارەی
ماچی لەب و دەم و لیوی تو ئەبی بە شفا بووم عاقیبەت
لە دادی من بپرسە جانا بە ناهەق بوچ ئەمکوژی
بە چاوی مخموری تو وا دل شەیدا بووم عاقیبەت
زامی کونم هاتە ژان دەستی بوم شفایە
بە عەنبە بوی زولفەکەت دیوانەی سەحرا بووم عاقیبەت
شەیدا دوور لە وەصلی یار شیت و رسوا بوم عاقیبەت
سەرانسەر گیان کەوتە لەرزە پیم نەما صەبرو ئارام
دلبەر گو بگرە جاری لە نالەو فیغانی من
بزانە چیە گریانم چیە دەواو دەرمانی من
جاری گەر بە وەسلت گەم بریژم بوت رازو نیهان
گەر بلی رازت چیە بوت شەرحەکەم بیانی من
لە داخی خالی سەر لیوت دلم لە سەد لا پارە بوو
بە عەشقی تو وا سووتاوم نەما سەبرو ئارامی من
دلم مەرکەزی غەمت بو کە بە لنجە عیشوە ئەروی
دلبەرە جاری بپرسە لە نالەو گریانی من
گەر بمدەنی ئاوی حەیات نامەوی گە بە وسلت گەم
هەموو بەقوربان خالەکەت هەموو تاب تەوانی من
وەك جیشی حەبەش زولفەکەت شالاوی هات بەرەوسینەم

له هەموو لا گرتی دەوری نەما چارەو ئامانی من
عەسکەری زولفتهات بەرەوروومبی هوش کەوتم چاردم نەما
سینەم پر بوو لە ئاهووشین تیکچو دەورو دوکانی من
چەند بە لەنجە عیشوە ئەروی بە خور دی فرمیسکی چاوم
ئیلاهی تیك چی لەنجەکەی بردی روحی رەوانی من
سووتا دەرونم بە عشقت لە بەر یادی ویسالت
جاری نایە ئەو شوخە بزانی چیە فەوتانی من
ساکین نیە جاری دلم لە بەر خەیالی دلبەر
بە عەنبەر بوی زولفەکەت بردی دینو ئیمانی من
گەر بە وەسلی گولزارت گەم قەتع ئەبی هەموو غەمم
جاری بکەم ماچی لەبد ئینتهای دی ئەحزانی من
گەرجاری دەست بەسەر «شەیدا» بهینی ساریژئەبی هەموو زامم
هەر لە ئەول جار پیت ئەلیم ئەویە دەواو دەرمانی من

زولفی یاری شیرینم

دەروون زامدارو بی مەیلو غەمکینم ئەمرو
بە عشقی چاوی یارەوە وا دل برینم ئەمرو
دل بریم بە تیری ذوالفقاری یار
بویە کەوا دەنالم چاو بە ئەسرینم ئەمرو
ژینم پر لە نالینە چاوم پر لە گریانە
وا هیچ هوشم نەماوە دل پر ئەوینم ئەمرو
بی شك ئەمرو بە فراقی دەردی ئەوین
ژینم بە جاری تال بوو چاو پر لە خوینم ئەمرو
هەموو روژ لە تاوی دەردی هیجران
کزو ماتو زەبوونم وا دەم لە شینم ئەمرو

عاشقی چاوی یار بووم بویه که هەر ئەنام
شیتی کردم بە جاری دەرچووم لە دینم ئەمرو
شەرابم هاورد کە خوم سەر خوشی کەم
کە هات بەرەو رووم بیزار بووم لە ژینم ئەمرو
نەیهیشت غەم لە دل بە با کەم
تیری بەرەو رووم وەشاند وا کوشتەی تیرم ئەمرو
ژینم بە جاری ئەمرو کە پر لە زامی ئەوینە
وەکو «شەیدا» زامدارم غەرقاوی خوینم ئەمرو

هاو دەمی یار

دلبەر ئەشکی چاوم بو بە خوین دلم ناگری قەرار ساتی
بە دیدارت قەسەم جانا دلم ناگری قەرار ساتی
نەبوو هاودەمی دونبەر بلی بوچ گریان ئەکەی
بریندارى یەك گولیکم دلم ناگری قەرار ساتی
هەر بە یادی ویسالت شیتو دیوانت کردم
وا بووم بە شەیدا دلم ناگری قەرار ساتی
تاقی ئەبروی چاوەکانت بوتە قاتلی سەرم
من کوشتەی دەستی یارم دلم ناگری قەرار ساتی
دەم بە دەم دەس بە گەردن لە بەر ترسی غەمزەت
یا لە ترسی موژەکەی دلم ناگری قەرار ساتی
وا لە نیو بەندی عەشقم هەر ئەنالینم بە زار
وەکوو بلبل لە نیو قەفەس هەر ئەنالینم بە زار
وەکو بلبل لە نیو قەفەس دلم ناگری قەرار ساتی
بە نازی چاوی غەمبازت وەك بلبل شیدات کردم

شەو روژ هەر ئەگریەم دلم ناگری قەرار ساتی
گەر بیو کەرەم کا ماچی لە دەم نیوی
بەلام لە بەر بی رەحمی دلم ناگری قەرار ساتی
هینده خەمم لی نیشتوه له بەر فیکرو خەیالی ئەو
تەحسولی ناکا سینەم دلم قەرار ناگری ساتی
دەسا ئەی دلبەر رەحمی بە نالەی « شەیدا »
دلبەر شکم نەبرد له گولشەن وەکو روخساری جەنابت
لە بەر تەلعەتی رووی یار دلم ناگری قەرار ساتی
کەس نیە وەکو « شەیدا » ببی غەمخواری جەنابت
سوپاهی غەمزەکەت بردی سەبرو ئارامی من
بە جاری بووم خەستەو بی حال بو دیداری جەنابت
تا کەی بە یادی غەمزەکەت یەك دەم زامم دانەمری
چاو دلم بو بە خوین بومە زامداری جەنابت
تا کەی شەکنجەم ئەدی لە مەیدانی عەشقدا
شەرتە تا بە رووح بینم بیم بیماری جەنابت
بە ئومیدم هەر بینم گەشتی بکەم نە گولزارت
حاصلی دل بینم بە دەس لە بەهاری جەنابت
بە ئاوی حەیاتی دەمی تو تا تیر نەبم واز ناهینم
هەر چەنی بوومە مجنوونی لالە گولزاری جەنابت
ئەگەر بم دەیتی ماچی لەو کولمە جوانە
شەرتە بمە غولامی چاوی عیاری جەنابت

چیرۆکی مام گۆرگ
سەرسوورهێنەر

ڕۆژێك گورگێكی بی فەر
بی توانا بو ڕاوی مەر
بی تاقەتو پیر زگی برسی بوو
گەلی لە نەمان گورگە ترسی بوو
ئەیووت ئەترسم لە برسا بمرم
ئیتر وورگی مەر جاری تر بدرم
والحاصل گورگە بەم گفتوو گویە
لە بەر زامی پشت زور ڕەنجە رویە
ووتی با بروم بە ناو ئەم چومە
با کەس نەمبینی کەس نەمکا لومە
موودەتی رویی چووە ناو چالی
سیبەری خوشی بوو شنەی شەمالی
ووتی با بروم ئیتر لەم چالە
خواردنم نیە ژینم زور تاڵە
نەختی مایەوە نیو چالە قوولە
کەوتە پیشی چاوی گورگیکی تووڵە
گورگە بانگی کرد ووتی ئەی کورم
وەرە پیشەوە لە دەورت گەرم
وەرە بپرسە لەم ژینە تاڵە
لە بەر برستی کەوتمە ئەم چالە
تۆڵە گورگەکە بو لای هاتە پیشی
لووتی نایە ئەرز بوی ئەبرد کرنووشی

ووتی ئەی مامە بوچی وا لێرە
کەوتوینتە بێ حال شەرە یا خێرە
ووتی ئەی کوررم بپرسە حالم
بو قنچە گوشتی هاوار بە مالم
لە بەر برسێتی لەشم برینە
مردنم خوشە بەخوا لەم ژینە
دوای مام گورگ بە ورگی برسی
پرسی لە تولە لە خزمو کەسی
ووتی ئەی کوررم تو لە کام هوزی
وا دیارە خزمی بوینە وا قوزی
ووتی کلك قیت ناومان مەشهورە
قارەمانیمان بە بێ سنوورە
مام گورگیش ووتی ئەمن لەو هوزەم
لە بەر برسێتی بوینە وا بوزەم
ووتی ئەی تولە قەزات لێم کەوی
مەریك تو بینە رەفیقی شەوی
تولە پێی فەرموو مامە دانیشە
مەر خواردن بو من بووە بە پیشە
مامە سەیر کە لە سەر ئەو گردە
میگەلی مەر قەلەوو وورده
شوانە خەوتووە ئاگای لێ نیە
ئەی مامە ئیستا بریارت چیە
مامە پێی فەرموو کورم بەقوربان
لە برسان دێتن وا جورەی عوربان

تو بکەوە پیش من ئەروم لە دوا
برو مەریکم بو بینە ئیستا
تولە پیی فەرموو بکەوە پیشم
بزانە ئیستا چەند مەرت بو دینم
شوانە ئاگادار بوو لەو هەرایە
کەوتە دەس سەگی مام گورگ لە شەرا
شوانە ئاگادار بوو لەو مەرایە
سەیری کرد گورگی بە دەم سەگایە
گورگە لە خوینا گیانی سوور بوە
بە دەس چەند سەگی گیرودە بووە
شوانەش بە داری شالاوی بو برد
گیانی گورگەکەی هەموو زامدار کرد
تووڵە غاری دا مامەی بەجی هیشت
مامە گورگ بە دەس سەگ هەموو خوینی رشت
مامەش لە دەس سەگ خوی کرد بە مردی
تووڵە مام گورگی برد بە چەند دەردی
قاچی راکیشا سوور بو لە خوینا
ئنجا سەگەکان وازیان لی هینا
چاوی کردەوە سەگی لی نەما
بەم فیلە گورگە نەجاتی خوی دا
ووتی ئەی تووڵە تو چیت لی کردم
ئەمن لە برسا بەخوا وا مردم
ئنجا مام گورگە پشتی بە خوینا
وەختا بمری لە برساو تینا

چـووه نـاو چالـی ئنجـا بـا بمـرم
تـووله‌ی کلـك قیت تـو چیت لی کـردم
تاقـه‌تم نیـه مـن مـه‌ری بگـرم
جا چـون ئه‌توانم من له ده‌س سه‌گ ده‌رچم
تووله بـه‌و حالـه وا منـی فـه‌وتانـد
سـه‌گ ده‌سـ قاچمـی هه‌موو تیك شکاند
لـه‌م گـفتو گویـه گورگـی بـو پـه‌یدا
ووتـی ئـه‌ی کـورم روحمـت بـه فیـدا
ووتـی وه‌ره لام گیانـی شـیرینـم
بزانـه چونـه لـه برسـا ژینـم
ئه‌ویشـ هاتـه لای وتـی ئـه‌ی مامـه
بـو وات لـی هاتـووه لـه نـاو عه‌وامه
ووتـی گـانـه‌که‌م چـه‌ند بـی خـه‌به‌ری
وه‌ختـا بمـرم‌و کوشـتی مـه‌ری
تاقـه‌تم نیـه بـو مـه‌ر بکـه‌م راو
ئه‌ترسـم سـه‌گی لیـم ببـی پـه‌یـداو
دوای مـام گـورگ پرسـی لـه بابـی
ووتـی ئـه‌ی مامـه سـه‌یری ئـه‌و مـه‌ره
ووتـی بـی بـابم بـابم نـه‌مـاوه
لـه مـالی ئـه‌وا هـه‌رمنـی مـاوه
ئنجـا لـی‌ی پرسـی هـوزت ئـه‌زانی
روتـه‌ی کلـك خـوار مـامه‌ی بـریانی
مامـه‌ش پـی‌ی فه‌رموو ووتی ئـه‌ی کورم
یـاخوا هـه‌ر چابـی لـه ده‌ورت گـه‌ریم

من خزمی خوتم وەرە بە کارم
بو نەختە گوشتی زور بی قەرارم
ووتی ئەی کورم یاخوا هەر چابی
قەلەوو جوانن گوشتیان نەرە
سەیری کورت کە کاتی تاوم دا
چون لە مەر ئەدەم ئەی‌دەم بە سەردا
مام گورگیش ووتی قەزات لە گیانم
بەقوربانت بم روحی رەوانم
نەختی پەلە کە رووحم نەماوە
بو قنچە گوشتی جەرگم براوە
بەلام خەلقینە بینە سەر شوانە
چی بە سەری هات تا لەو بیابانە
شوانە سەیر ئەکا دیارە جوتیاری
دوو گای وا پیە وا ئەکا کاری
دانیشتن هەردوو بە قسەو گوفتار
چایە لی ئەنین مام شوانو جوتیار
ئاگایان نەبوو لە گورگە گەری
سەیری کرد گوگ داویە لە مەری
جووتیارو شوانە هەردوو بە غاردان
تاکوو لە گورگە بخورن ئەوان
هەتا ئەگەن پی‌ی گورگە چوار پینج جار
چەند مەریکی کردووە پەلە خوار
کاتی کە شوانەو جوتیار کەوتنە ری
بەجیان هیشت گایەکە نەوی

گـورگه ئەمجـاره رویشـت بـو لای گا
هـــەردوو گایـەکەی جـەرگی دەرهینـا
شـوانـەو جوتیـار نـه هـەق نەهـاتن
گـورگ تـیری خـوارد ئنجـا هەلاتـــن
عـالەم کـه هـاتن مـەرەکـان نـــەماوه
ئـەم گـایەو مـەره گـورگ لـیی داوه
روتـەی کلـك خـوار ئـەوها بـــەرازه
لـه هیـچ ناترسـی گەلـــی فیلبـــازه
ووتیـان بـا بـروین چیبکەین لـەم شوینه
هەمـوویان روین دوور بـوون لەو خوینـه
مـام گـورگ ووتـی روحم به فیـدات بی
رووحـم بەقـوربان خاکـی ژیـر پات بی
ئـەو رووحەی ئـەمن به بونـەی تـو ما
ئـەم مـەرانـه بـــوم گیانـت دەهینـا
ئـەمه بـوو باسـی روتـەی کلك خـوار
بوونـه پـەند عالـەم شـوانەو جوتیـار

چیرۆکی مام ریوی فیلباز

ڕۆژی مام ریوی بەهار
ووتی ئەبمە توبە کار
ئیتر مریشک ناکوژم
جار تر خوینی نامژم
ئەکرم تەسبیحی سەد دانە
واز دێنم لەم فیلانە
ڕوو لە دەرگای خوا ئەنێم
ئیتر لە گوناە واز دێنم
ئەچم بو حەج بو مالی خودا
واز لە فیل دێنم لەمە دوا
توبە ئەکەم هەتا ماوم
هەموو مریشکی ئەنیمە سەر چاوم
والحاصل ریوی بە عەبا کونی
بە ڕیوە ئەڕوا بی چەندو چونی
ئەیوت لە بەر خوی فیل بو یەکەم جارمە
تەنها فیلەکەی فەسلی بەهارمە
تەسبیح بە دەس بوو لە ڕیدا ئەڕوا
تاکوو مریشک پێی بکا بڕوا
لە دێدا ڕوێی کەوتە سەر ئاوی
سەیری کرد هاتوە وێنەی لافاوی
دێتی لە سەر ئاو کەشتیە ئەڕوا
کەسی تیا نیە سەربەخو ئەڕوا

ووتی وا چاکه بروم بو بانی
ته‌سبیح به دەس‌و عه‌با به شانی

عالەم وا زانی من پیاوی چاکم
ئه‌پرسن ئه‌وان له خزم‌و داکم
گەر پرچسیان لیم خوم ئه‌کەم فەقیر
دایکم سەیده‌و باوکم گەوره‌و میر

مە ئه‌روم بو حەج کسی له گەلم دی
به‌لکو له گوناه خوش ببی خودی
مریشك ووتی ئه‌ی ریوی به دین
وەره هەردوکمان پیکەوه بچین

ئه‌ی ووت له به‌ر خوی فیل یه‌کەم جارمه
ته‌نها فیله‌کەی فەسلی به‌هارمه

ریوی پی فەرموو وەره گیانه‌کەم
منیش به ته‌نها تالە ژیانەکەم

هەردووك پیکەوه سوار بین له کەشتی
دایان به ئاوا هەم حەج هەم کەشتی
دەمیك رویشتن گەیشتن به قەل
سەلامی لی کرد ریوی بەد عەمەل

قەله پی‌ی فەرموو ریوی بو کوندەر
ووتی بو مالی خودای بانه سەر

ئەروم بو خزمەت مالی کردگار
به‌لکو لیم خوش بی نه‌بم گوناهبار

قەله پی‌ی فەرموو منیش بو حەج دیم
له ناو کەشتیه‌که ئه‌کەنه‌وه جیم

ڕیوی پی‌ی فەرموو وەرە بەقوربان
بە ڕەفیقی ئەتوش لە گەلمان

سوار بوو لە کەشتی قەلە وەک ئەوان
نەقلیکی لی دا ڕیوی فیلە زان
موودەتی ڕوی کەشتی لە ناو ئاو
ڕیوی شتیکی ئەکەوتە بەر چاو

نەختی تر ڕوی کەوتە هەلدیری
سەیری کرد دیارە وا کەلەشیری
ڕیوی چو بو لای سەلامی لی کرد
ئەویش جوابی دا زور بە دەستو برد
کەلەشیر پی‌ی فەرموو ڕیوی حیلە باز
تەمات بەم فیلە خوت بکەی دەرباز

ڕیوی جوابی دا ئەو بە شان عەبا
ووتی من ئەروم بومالی خودا
توبەم کردووە من گوناە ناکەم
جار تر هیچ کەسی من ئەزیەت نادەم
ئەویشی سوار کرد ڕیوی توبە کار
هەر سی لە کەشتی بە قسەو ووتا

موودەتی ڕوین شەویان بە سەر هات
هەموو دابەزین زور بە کشو مات
ڕیوی پی‌ی فەرموون دەنگتان لی نەیا
دوای دوژمن لە ئاومان ئەدا

هەموو رویشتن بو ئەشکەوتە کون
ریوی بەم فیلە نانی کەوتە رون
پیکرا هەموویان چەند بە ئارەزوو
لە گەل ریویە خەوتن زوو بە زوو

ئنجا هەلسان هەموویان بەیانی
نویژی ئادا کرد ریوی فیل زانی
ریوی سەیری کرد وورگی برسی بوو
با یەکیان بخوم ئەمن زوو بە زوو

مریشکی گرتو ملی دەرهینا
گیانی بە سزمان سوور کرد لە خوینا
تیر نەبوو هیشتا ریوی تویەکار
ووتی کەلەشیر بابخوم ئەمجار

کەلەشیری گرت هەر بە یەك ئانی
رووحی شیرینی دەرکرد لە گیانی
ئەیووت لە بەر خوی فیل یەکەم جارمە
تەنها فیلەکەی فەسلی بەهارمە

ئنجا نورەی گوشتی قەلەیە
نازانم وورگم چەند بە پەلەیە
قەلەکە دەرچوو گرتی بە بالی
ریوی پیی ئەوت تو بوم حەلالی

بەلام قەلەکە فیلی ئەزانی
ووتی ئەی ریوی عەبا بە شانی
پرسیارم هەیە جوابدە بە جوانی
ئیستا تو مەمخو توبی یەزدانی

ڕیـوی جوانـی دا دەمـی هەڵبـڕی
قەڵـە بـەو فیلـە لە دەمـی فـڕی
ئنجـا ئـەی لاوی کوردی بە شەرەف
گیانـت بـو وەتـەن تو بکـە سەرف

کانیی فرمیسکی چـــاوم

نیمـــە چـارە ئەشکـــی چـــاوم وەك بـــارانی
بیـم بەقوربانـت کـاك ئەحمـــەدی سولەیمـــانی
دڵـم مـاتو سـەر گەردانـە چـارەم نیـە بەقوربانە
چـاوم پـر لـە گریانـە بکـــە دەواو دەرمـانـی
دەم بـە دەم فرمیســکی چـاو دیتـە خواری وەك ئاو
دڵیشی هەرماتوفەوتاوکاك ئەحمەد دەردیمن تودەیزانی
لە تاوی وەك دەربەدەرم کاك ئەحـمەد بو تـو ئامانـی
عاشـقی ماهـی دوڵبـەرم بـە سووتان هەر وەك فەنەر
شیت بووم کەوتمـە کیـوان ڕەحمـی بکـە بەقوربان
چـارەم نیـە سـەد ئامـان ئـەتـو دەوا دەرمانـــی
ڕیـــم کـــەوتە ئـــەو دەرگایە
ڕوحـــم بـو تـــو فیـــدایـــە
یـــەك شـــتیکم هیـــوایە
بـــو بـالات گیـــان بەقوربانـــی
لـــە تـــاوت نیمـــە ئامـــان
وەك مەجنـــون کەوتمـــە کیـــوان
فیـــدای تـــو بـــم بەقوربـــان
دل مـــاتەمو گریانـــــی

چـــــەند رەنـــگ زەردو بیچـــارەم
هـــــەر غـــــەریبو ئـــــاوارەم
ســـــەیرکە تـــــو ئـــــازارم
غرمیســـــکی چـــــاو وەك کانـــــی
کەس نیە چارەی ئەم زامە هەر توی ببی بە هانامە
گەر نەیەی رووح تەماعە ببیە ئامانی مانی
شـــــەو روژ خەیالـــــی تـــــو
بـــــە ئـــــارەزووی مالـــی تـــو
تـــــو دەرم بکـــــە بە ئاســـــانی
شـــیتو شـــــەیدام بـــو بـــالات
وا هاتـــــومـــە ژیـــــر ئـــالات
رووحو گیانـــــم بـــــە فیـــدات
چـــــارەی کـــــە دل بـــــریانی
ئەگریەم وەکو بلبل کەعاشق بیبەرووی گول
«شەیدا»دی بەرووی منزل ساریژکە دلپریشانی

پـــــەروانەی شـــــەمعی رووت

دل وەکوشەم دەسوتی وەکو پـــەروانە گرفـــتارم
کە یارمهات بەرەوروو وەك مەجنونلە ژین بیزارم
سووتام بە جاری وەك مجنون بە عشقی چاوی لەیلاوە
هەر ئەگریەم دەم بە دەم دل کەساســـ بریـــندارم
ئەکەم شین هاوارو رو لە دەســـت یـــاری بـــیوەفا
رەحمـــی بە حالـــم ناکا دائـــم بە گـــریەو هـــاوارم
بووم بـــە دامی زولفەکەی بـــەندی کردم وەك بلبل

بـوم شـیتی زولفەکـەی ئیستـا وا گـرفتارم
هوشی بردم ئەمیستاکـە بووم بـە داوی زولفەکەی
روژی نایـە ئەو دولبـەرە بزانی چـونە ئـازارم
بـزانی حالـی من چونە چون دیلی بەندی قەفەسە
بە تیری مووژەی چاوەکەی ئیستاکە وا بریـنـدارم
چی بلیـم لە دەستی ئەم حالە ئەلی بوچیوا بەندی
ئەلیم چیواوەسفی ئەکەم تفلەدەس بەندو ئەشعارم
من چی ئەلیم چیم جەواب ئەدا دلم لە جـەفا ئـەکا
نازانـی من چون عاشقم هەر دایم شیـتو بیمارم
من وا شـاخو هەردم تەی کرد ئنجا ئەپرسی لە حالم
ئەلیم بووم بە مەجنونت هەر وەك فـەقیرو هـەژارم
نایە بلی بگرە «شەیدا» تـوزی لە بـەهاری مـن
ئەلی بو بووی بە مەجنون ئەلیم عـاشقی بـەهارم
عاشقی خالی سەر لیـوم فەوتـاوم بوی بە جاری
وەختا وەك شـەم بسوتیم هەر ئەلی شیـتو هارم

سـەیرە زەمـان گـوراوە

سـەیری زەمـان گـوراوە
عاشـان دل بـراوە
چـارەیان هیـچ نـەماوە
سـەیری زەمـان گـوراوە
عاشـقان هەمـوو دل بریـن
بـە جـاری بیـزار لـە ژین
چبکـەن چـارە نـەماوە

سەیری زەمان گوراوە
شادی لە ژین نەماوە
بە یار ئەلێن بوتوراوی
ئەلێن عاشق بی وەفا باوە
سەیری زەمان گوراوە
شەو روژ گریان بەزار
یار ئەلی مەکە هاوار
سەیری زەمان گوراوە
ئیتر خوت مەکە غەمبار
دەروا لە چاوم ئەسرین
عەشق بناغەی دانا
هیچ نەما خوشی لە ژین
سەیری زەمان گوراوە
دەکەم هاوارو ناڵە
وا فەوتاوم بەم حاڵە
نیە یەکی بەوەفا
دەرم بینی لەم چاڵە
سەیری زەمان گوراوە
عەشق بناغەی داناوە
وا لە جەستەم ئاڵاوە
حەکیمی نیە دەرمانی
دڵم لە سەد لا شکاوە
چارەم نیە بی دەرمانم
بە جاری فەوتام لە ژین

عاشـــــــقی رووی خـــــەرامانـم
ســـــــەیری زەمـــــان گـــــوراوە
بـــــو دیـــــداری زور غەمبـــــارم
ســـــــەیری زەمـــــان گـــــوراوە
شـــــادی نـــەماوە لـــەم ژینـــە
دل پـــر لـــە ســـــوزی ئەوینـــە
بـــە جـــــــاری بە عەشـــق فەوتـــاوم
بـــــــویـــە کـــە دل بریـــنـــە
ســـــــەیری زەمـــــان گـــــوراوە
ئـــــەو یـــــارە زور بی‌وەفـــــایە
رەحمـــــــی لـــەو دلـــــەی نایـــە
منـــــی کوشـــــتووە بـــــەم دەردە
بـــــــووم بـــە داو ئـــەو بـــــالایە
ســـــــەیری زەمـــــان گـــــوراوە
روژی نیـــــــە بـــی بـــــــەلام
یـــــان جـــاری بـــوم کـــا ســـەلام
بـــــەو عەشـــــقەوە وا ســـــووتام
ئەگـــەر یـــەك ســـەلام بکـــا ئیتر با نەیا بو لام

بلبـــل شـــەیدا

شـــــەو تـــــا ســـــەحـــەر بە گریـــــان
ئەشـــك بـــەخـــور دیتـــــــە خـــــوار
جـــــەرگـــو دل بوتـــــــە بـــــریان
مـــن نیچـــیـــر ئەویشـــــن ســـــوار

وەفـــا نانوینـــی جـــاری
شـــەو بـــە یادی خەیـــالی
رۆژ بـــە شـــەوقی جـــەمالی
بوومـــە گـــیرودەی خالـــی
دل لـــە دووری دەنـــالی
ئەشـــك لـــە چـــاو ئەبـــاری
بلبـــل چـــارەی ئـــەم دلـــە
بکـــە دەرمـــانی «شـــەیدا»
عەشـــقم بـــو ســـووڕە گولـــە
وا دل دەرچـــوو لـــە بنـــدا
نەگـــەیم بـــە وەســـلی یـــاری
«شـــەیدا» گـــو رابگـــرە تـــو

وەلامـــی بلبـــل :-

باســـ کـــەم عەشـــقی ڕەنجـــەرو
هـــەرچەن پرســـیارم لیـــت کرد
«شـــیخە» جـــواب بـــدەوە تـــو
عـــەشـــق ئـــاواتـــی دووڕە
تاکـــو عەشـــق چیتـــە دل
ئەنالـــالی دائـــم بـــە کـــول
عەشـــق ریگـــای بـــی حـــەددە
هەنجـــن فیـــدای بـــی بـــە دل
ئـــەو بـــی حـــەددو ســـنووڕە
ژینـــی خـــوم لـــە ســـەرەتا
بیـــوت باســـ ئەکـــەم هـــەر ئیســـتا

« شەیدا » مەیلت لە سەر بی
ویژ چاك گوی پی بدە
دلم بو گول مەجبورە
دلم دەرچوو لە بیخە
بووم بە شیت وەك تو شیخە
چارەم نەما بوو ساتی
کەس نەبوو دەرمانم بو ریخە
عەشقم بو گولی سوورە

هەموو دەشتو سەحراو کیوان
من تەیم کرد بە گریان
چارەم نەمابوو قوربان
گول نەمابوو لە باغان
زور دلم بوی مەجبورە

نالینو هاوار بی وچان
دادی نەدا بە گریان
خوم فیدا کرد بو ئەو گولە
ئەویش نەبوو بە هاو پەیمان
« شەیدا » تو لیم ببورە

دل کە عاشق بوو بە یار
سودی نیە بە هاوار
دەبی وازی لی نەهینی
خوت بو بکەی بریندار
تاکوو ئەگەی بەو سنوورە

ئارامم نەما

ئارامم نەما لە تاوت
کوشتمت بە مووژەی چاوت
ئیسا وا کەوتمە داوت
قوربانی زولفی خاوت
کزو مات و مەجنوونم
بی ئارام و مەحزونم
دل بەرین
چاو بە ئەسرین
دائم دل پر لە خوتم
شیتت کردم بە زولفان
بویە کەوا زەبوونم
جەرگم هەمو بوو بریان
بە ئەبەرو
بە لیمو
نەما ئارامم لە گیان
رەحمی بکە بەقوربان
کەوتمە داوی بە جاری
ئەشك لە چاومە باری
بە لەنجە
بە پەنجە
پر لە کزی و غەمباری
زامدارم بە چاو یاری

کـــزو دل بـــرینـــــدارم
دائمـــــه بـــی قـــــه‌رارم
بـــــه چـــــاوی
بـــــه نـــــاوی
شـــــیت‌و مـــات‌و غـــــه‌مبارم
عاشـــــقی چـــــاوی یـــــارم
دائـــــم مـــــات‌و غه‌مگینـــــم
دائـــــم ده‌م پـــر لـه شـــــینم
بـــــه مـــــووژه‌ی
بـــــه قـــــژه‌ی
عاشـــــقی چـــــاو شـــــیرینم
چـــــاوه‌ریم روژی ببینـــــم
ئـــارام نـــه‌ما کـــه‌وتمه کـــبوان
مجنـــــنه‌که‌ی دل بـــــریـــان
بـــــه مـــــه‌مه‌ی
بـــــه ده‌مـــــه‌ی
شـــیتی کـــردم مـــووژه‌ی چـــاوان
نـــه‌ما ئـــارامم لـــه گیـــان
خـــودا ره‌حـــمی بـــه حالـــم
دائـــمـــه هـــه‌ر ده‌نـــالـــم
بـــو مـــاچی
ئه‌لـــی لاچـــی
کـــزو مـــات‌و حـــه‌یرانـــم
عاشـــقی چـــاو لیـــو ئالـــم

ئارامم نەما ساتی
بە یار بلی بم گاتی
بکا وەفا
ماچی بدا
ئیتر نام بی نەجاتی
گەر ماچیکم نەدانی
چونکە ووتاوی یارم
بویە کە بیقرارم
نالی فەرموو
ئەلی لاچوو
هەر ماتەمو غەمبارم
عاشقی لیوی یارم
بو گولزاری
بو هەنداری
چارەم نیە بە دەرمان
یاری رەحم کە ئامان
دل برینم
دەم لە شینم
عاشقی لیوی کولمان
کردومیە بە دل بریان
وەکو بلبل
بگری بو گول
جەستەم هەموو برینە
دائم کارم هەر شینە

بـو وەصـلی گـول
ئەگـریەم بە کـول
دلـم مـاتو غـەمگینـە
خوایـە کـەی ئـەمە ژینـە
بـی دەرمـان
نایـە یـەك ئـان
« شـەیدا » بـو شـیتی یـاری
بـو دائـم بـی قـەراری
بـەس بنـالە
کـەی ئەمـە حـالە
هـەر دائـم گیـانە هـاری
واز بینـە لـە عەشیـق داری
بـی سـنووری
ریگـەی دووری

بەشـی منـالان

منـالان کاتـی بـەهارە
دونیـا پـر گـولو گـولزارە
بەهـار شـادو کامـەران
پـر لـە دیمـەن شـادومان
دیمـەنی وەرزی بـەهـار
بنـاغەی عەشـقی دلـدار
چـەن خوشـە ئـەم سـەبرانە
پـر لـە پـەری چـاو جـوانە

ئەو بەهارەی کە شادە
هاژە هاژەی ئاوی کیوان
دیە سەر گیاو گولان
دیمەنی جوانی گولزار
بناغەی عەشقی دانا
وەسفی کچی کوردانە
هەتاوی بەری بەیان
یەکسەر روشن بو جیهان
دەنگی بلبلو بای شەمال
عاشقی کچی لیو ئال
بەهارمان چەند جوانە
ژینمان چەند شادومانە
دەنگی بلبل شادی ژینە
کانگای خوشیو راپەرینە
غونچە کە پشکووت بەهار
شادی ئەدا بە دلدار
عالەم هەموو جل سوورو زەرد
دەنگی قاسپەی کەو لە هەرد
دەس ئەگرین ریز بە قەتار
چاو سورین یارو دلدار
دەس گوشینی ناو ئەو سەیران
چەن شادو دل پر کامەران
ئنجا باسی بەفری کویستان
روژی ساردو باوو باران

دەنگی قاسپە قاسپی کەو
ناهیلن چاو کەوینە خەو
دەنگی هاژە هاژی شەمال
نەخشە بەفر لە لیو قەد پال
بەهەشتە ئەم کوردستانە
جیگای کانگای ژیانە
ئنجا ئاوی ناو گولانە
جێی یاری کردنی منالە
ئەو چیمەنە سووروشینە
ئەو چەند دیمەنی رەنگینە
ئنجا باسی سەروو چنار
بو بەهارمان بووە نیگار
نەسیمی شەمال بەرەو گولزارە
چەن خوشو فینك لە ناو ئەم دیارە
بون خوشی گولان بە سەر کیوو دەشت
یەکسەر زەمینمان بووە بە بەهەشت
یاخوا بمینی ناوچەی کوردستان
قەدو قەد پالی بەفری سەر کیوان
ئنجا بەهارمان بەم ئاوو ناوە
چنارو سەرووی ژووری سەماوە
دیمەنی شینی هەوری ئاسمان
بووە نیگاری بو بەهارمان
ئەو رەنگە جوانە کاتی بەهاران
کاتی کژو گیا عەشقی دلداران
بویە نیگای چەندە جوانە

خوشیو کامەران پر لە سەیرانە
ژیانی بەهاران هیواو ئاواتە
چونکە عاشقان ریگەی نەجاتە
کاتی بەهاران ژیانی دلداران
ئەگەن بە یەکتر بە دل شادمان
ئنجا کچو کور دەم بە گورانی
ماچی لیو ئالان بە شادمانی
چەن خوشە بەهار خوشی ژیانە
ئەمە بو دلدار ئاواتی گیانە
چەن خوشە ماچی ناسكو نازداران
ناسە لیویان بالا جناران
منالان ئنجا بیکەن بە یاری
لە کاتی وەرزی بەهاری
ئەم هەلبەستە چەن جوانە
هەستی کانگای ژیانە

گریکارم

گریکارم بو وەتەن
پیشکەشی ئەو گیانو بەدەن
سەرفی ئەم خاکە بی گیان
روح بوی ئەکەم بەقوربان
تا بە دەس بینم ری‌ی شادی
میللەت بژی بە ئازادی
گریکارم بو میللەت
تا وەتەن دەرچی لە زیللەت

کریکارم بو ری‌ی سەربەست
شتی بو ژیان بینم بەدەست
ریگای رزگاری ئاسان بی
هەتا میللەت کامەران بی
ژین بی سەربەخوی کەی ژیانە
مردن باشە لەم جیهانە
کریکارم بو شادی ژیان
فیدا کارم بو نیشتمان
سەربەست نەبی لەم جیهانە
کی ئەلی دل شادومانە
سەربەست بی نیشتمان
ئنجا هەیە هیوامان
ئنجا ئەلیم بەرو بومی
ریگاو جیگاو شاخو چومی
گولو نەرگس رواوی دەشت
نیشتمانی کردە بەهەشت
کریکارم بو خوشی ژین
بو خوشیو ناخوش پیکەوە ئەچین
گولو باخچەی بون خوشی ژیان
پر ئەکەن لە دل کامەران
یەهاری ئەم کوردستانە
نازانم بلیم کام جیگا جوانە
هەموو رازاوە بە گولزار
کاتی بی فەصلی بەهار

کـــــریکارم بـــه دڵو بـــه گیـــانم
خـــزمەت بکـــەم کوردســـتانم
ئاواتـــی مـــن رزگاریـــــه
ســـەربەخوێیو ئـــــازادیـه
ئـــاواتی مـن هـــەر ئـەمـه بوو
ریگـای ســەربەستی میللـەت بـــوو
چـــەن دل ئیســـتا شـــادومانـــه
پـــر لـــه خوشـیو کامـــەرانه
کـــــریکارم بـــه روحو گیـــان
ئەبمـــه قـــوربانی کووردســـتان
بـــی وەتـــەن نامـەوی ژیـــان
ژیـــان خوشـــه به نیشـــتمان
گـەر ئـــەو نەمینـــی لـــه لام
ئیتـــر منیشـــس وا فـــەوتـام
چونکـــه ئـــەو بـو مـن ئـاواته
مـــایـــەی دڵو حـــەیاتـــه
کـــــریکـــارم بـــــو وولات
وەتـــــەن روحـم بـه فیـــدات
رووحو گیـــان فیـدای ئـــالات
هـــەر بـــەرزی تـــو بو مـن ئـاوات
ئـــاواتی مـــن ســـەرکەوننـه
بمـــری بـــروا ئـــەو دوژمنـــه
رزگـــار ئەبـــین بـه نـاوی خـوا
دەرئەچـــین لـه ژیـــر بـــــەلا

کـــریکارم ئـــاواته خـــوازم
بـــه کوردســـتاندا ئەنـــازم
گیانـــم فیـــدای ئالاتـــه
ســـەربەخویم ئـــاوانـه

عیلـــــم

بـه عیلـمو هونـەر میللـەت زانابـی
لـه نـاو جیهانـا زانـاو دانـا بـی
ئـەوی عـــالمه نـاو عالـەم دیـــاره
جـاهل کەسیـکه بـی ئیشـو کـاره
دوروسـت وا ئەکـەن به عیلمو هونـەر
ئـەرون بـو سەما بو ژووری هونـەر
عیلـــم پیشکەوت دەنگـی دایـــەوه
تـــوپو تـــەیاره هاتـه کایـــەوه
هەزار سـەنعات تر وا دروست ئەکەن
بی گومـان چـەندیان بو سـەما ئەبەن
ئاسـمان به هونـەر ریـان بـو دانا
که پیی سەرکەوین هەر زور به سانا
گـەر بلیی هەموو شت دروسـت کراوه
هیـچ درو نیـه راسـتەو تـــەواوه
قومبەلـه زەریو ئەنـواعی سـیلاح
ئەسـتولی گەورە ئەکـەن بو مەلـلاح
هەنیکیان دروست کردبەبی ئاگاو هەس
ئیخبـاری عـالەم دینیتـه بەر دەسـ

« شەیدا » سەیر کە بەزمو هەرایە
ئەجنەبی هەمووی لە ژور سەمایە

پیشکەشە بە کاك مەلا عثمان کوکە

« پیشکەشە بە کاك مەلا عثمان کوکە »

بادی شەمال دەخیلەك زوو بەرە ئەم پەیامە
دەمیك لە یەك براوین وەعدەی عمدو سەلامە
دەمیك لە یەك براوین ناعیلاجین هەردووکمان
زوو بەرە ئەم نامەیە لیرە بو ئەو مەقامە
شەمال گەلی دەخیلە ئەم نامەیە زوو بەرە
وینەی غەمباری وا لامە شەمال هەر توی ببە نامە
نیە یەکی ووکو تو هاوپشتیوانی من بی
دەخیلە زوو بیدە دەسنی چونکە وەکو برامە
خەیالی ئەمن هیچ نیە بەس خەیالی یادی ئەو
چونکە فکری پیشوی‌دا وا ئیستاکە لە لامە
زور شوکری شەمال ئەکەم گەر ئەم نامەیە بەری
چونکە یادی ئەو لە لامە هەم صەدیقو هاو جودامە
کافر بە حالی من نەبی لە بەر فکرو خەیالی ئەو
حیبری من فرمیسکە کاتی ئەنووسم نامە
شەمال تاخیری نەکەی تکایەکی بر بە دل
سەلامی گەرمی لی ئەکەم لە گەل خزمو عەوامە
هەوالی من یەك بە یەك هەموو بو بەیان بکە
چونکە ئەو لە بو من هاورازو هاو نیگامە
شەمال هەروەکوو «شەیدا»خوت بەخت بکە جاری
چونکە تاکو دیبتەوە وا من هەر بە تەمامە

بیقـــــراری بـــو یـــــارم

مەجنـونی لەیلـم مەجنونـی لەیلـم
شـیتو دیـوانە دائـم بـی مەیلـم
دل بـــرینـــدارم دائـم غەمبـــارم
لـە دووری لەیـــل زور بیقـــرارم
قـــەرارم نەمـا شـیت بـووم دیوانە
ئەوینـی لەیـل بـە بـی دەرمانـــە
دەرمانـم نیـە فەوتـاوم بـە جـاری
ئەشـکی خوینینـم لـە چاو ئەبـاری
ئەبـاری لە چاوم فرمیسکـی خوینـین
بـو دیـدەی لـەیل تال بـووە لیم ژین
نـەمام وا فـەوتام ئەمـە کەی ژینـە
کـە مـن وا نەمام دەردی ئـــەوبنە
ئەوین دەردیکـە بـە بـی دەرمانـە
لـە دووری لەیـل بەشـم گریانـــە
دەم دەم ئەگـریەم نالـــینو هـــاوار
جار جاری ئەسرین بە خور دیتـە خوار
خوینـی تیکـەلاو دیتـە سەر زەمین
ئـارام نامینـی بـە گـریەو بە شـین
چـەندە بـی مەیلـم لە دوری لەیـل
تەیـم کـرد بە شین سەحرای دوجەیل
بـی مەیـلو کەسـاس بە دلی غەمبار
دائـم بـو لەیـل هـەر دەم ئیتـــزار
کـزو مەلـولم هـەر وەك پـــەروانە

لـه دوری لەیـل ئەکـەم دەورانـه
عەقـلو شعـور بـه جـاری نەمـا
ع { دلـم وا پـر بـوو له غـەمو جەفـا
شـیت بـووم دیوانه کەوتمه سـەحرا
لـه ترسـی مووژەی روحـم پی نەمـا
عەشـقی ئەنوینـی ترسـو سەرسامی
منـی هەر فەوتـاند هەر بـه ناکامـی
تـوزی رەحـم که وەفـا دارانـه
بەسـس بمکـه مجنـون له ناو کیوانه
دەسـم تو بگـره لەیل یـەك جـاری
نەختـی لـه گەلمـا بکـه گوفتـاری
بـا مـن نەفەوتیـم لـه دووری تـو
بـا لـه دونیـایا نەبـم رەنجـەرو
روژی رووم تیکـه ئەم حاله بەسـس بی
ئیتـر لەمه دوا دەسس له نیو دەسس بی
بـا سـەر دانەنیـم بـه بالاتـەوه
دەم لـه نیـ دەم بـین بـه ئـاواتەوه
لـەیل هەتـا کەی مەجنونی تو بـوم
دائـم کـه دوریـت هەر رەنجـەرو بم
گەر بـزانی تـو چەنـد پەریشـانم
بـو ماچـی لیـوت چەند دل بـریانم
هوشم هیـچ نیه شـیتت وا کـردووم
بـه جـاری دلو گیانـت وا بـردووم
بـه جەسـتەی برین بەم ژینـه تـاله

ئنجا ئەفەوتیم هەر بە ناکامی
ئیتر نابیسم عەشقی بەد نامی
ئەگەر من فەوتام هیچ لومەم مەکەن
بلین شەهیدەو تەلقینم بدەن
بە لەیل بلین « شەیدا » وا فەوتا
رووحی شیرینی لە عەشق دانا
بلین وەسیتی لای ئیمە کردوە
ئنجا لە پاشان شەیدات مردووە
بلین بەلەیل بە زوبانی شیرین
بلین فەوتاوت جەرگی بو ە خوین
لەیل بگری بلی ئەی شەیدا
لە عەشقا جەرگت دەرچوو لە بیخدا
لە سەر قەبرەکەم بلی ئەی هاوار
نەم دایی ماچی لە لیو لە زار
بلی ئەی « شەیدا » شیتو شەیدام رو
عاشقی هەردوو چولو سەحرام روو
شەهید بوو لە دەس منی بیوەفا
دلەیم پر کرد لە غەمو جەفا
دوای لە گورم بنوسی شەیدا
ئەمن لە دنیا تۆم دا بە فەنا
بەلام راوەستی شەیدای دل برین
ئەتو وا فەوتای بە دلیکی حەزین
بەلام لە مەحشەر بی بەشت ناکەم
دیم بە لاتەوە ماچیکت پی دەم

شیرین رەنجەرو

شیرین رەنجەرو شیرین رەنجەرو
شیرین لە داخی لەنجەت رەنجەرو
مەجنوون بوم لە داخ ئەو لەنجە جوانە
کیوم واتەی کرد بوم بە دیوانە
ئەنوشم ئاهی سەردی عاشقان
منیش وا سووتام بەهوی فراقان
بەو لەنجە جوانە رەنجەروت کردم
بە جاری دل گیانت وا بردم
بە جوانی لەنجەت بەخوا وا فەوتام
ئەو لەنجە جوانە منی کرد بەدنام
ئەتو بە لەنجەت منت کرد شەیدا
هیچ رەحمت نەکرد یاری بیوەفا
بەو لەنجە جوانە زنجیرت کردم
هەر وەکو فەرهاد یەخسیرت کردم
ئنجا یەخسیری دوو زولفی مارت
یاخوا کەس نەبی بە داخی لەنجە
دائم وەك مەجنون هەر لە نیو بەندە
یاخوا کەس نەبی رەنجەروی شیرین
بە جاری ئەتکا بە شیتی ئەوین
ئەوینی شیرین بە بی دەرمانە
شیرین ئەتکاتە پەندی زەمانە
شیخە وا چاکە خوت نەکەی شەیدا
خوت نەکەی شەیدای یاری بیوەفا

دل بی‌قەرارم

دل بێقەرارم دل بقەرارم
دائم بی مەیل‌و دل بێقەرارم
دل وەك پەروانە ئەسووتی بو شەم
شەمیش یەك جاری نایە بو دیدەم
سەیری ئەو دلەی بی‌قەرارم كە
یان بی عیلاجی دل زامدارم كە
بزانی چونە عاشقی شەیدا
تاكو وەفایی ئەو بە من بدا
گەر بی‌و سەیر كا دلەی پر خوینم
یەك سات ناوەستی ئەو دی لە شوینم
بەلام من چیبكەم دل بێقەرارم
كەس نیە نامە ببا بو یارم
بلی عاشقت فەوتاوی تویە
دەم بە گریانە بوت رەنجەرویە
هاوارو ناڵە هیچ سوودی نیە
چونكە ئەو یارە زور بی‌وەفابە
رەحمی ناكا پیم سەیركا دەردم
بو بالای بەرزی چەندە رەنگ زەردم
سەراپای جەستەم بی ئەو نەمانە
گەر بزانی ئەو دل پر خویناوە
خو كافر نیە رەحمی نەمایی
گەر ماچی بدا مالی ئاوابی

وەفا ئەنوینی یارم ئەمجارە
دەرمانی ئەکا ئەو دلە زامدارە
ئەلی ها بگرە ماچی هو شەیدا
با نەروا گیانت لە عەشقی مندا

ئەم هەلبەستە لە گەل برهان تولة دامناوە

دل گرفتارین دل گرفتارین
هەر یەك وە دەردی دل گرفتارین
هەردوو گرفتار دوو جوتە مەمین
هەردوو پەروانەی دوو گری شەمین
ویلینو سەرگەرد بە شاخانەوە
کوژراوی مووژەی لەیلا خانەوە
زوندەینو بی هوش بە جەمالی ئەو
هەردوو ئەنالین هەر بە وینەی کەو
بی سەبرو ئارام بە عەشقی لەیلا
بەری عەشقی ئەو شینو واوەیلا
هەردوو ئەنالین وەك کەو هوزار
نەمانْ دی کوتابی دەردو ئازار
نەمانْ دی جاری کاتیکی شادی
کە دلْ خالی بی لە خەمی یاری
جاری نەمانْ دی شیرین ئەو یارە
ژینمانْ شاد بکا لە روژ بەهارا
سا تو رەحمی کە ئەی شیرین دولبەر
با بی بەش نەبین لە ئاوی کەوثەر

کوشتنمان بەسە بە تیغی ئەبروت
وەفا بنوینە بە عاشقی خوت
تا بەکەی حوکمت وینەی زوحاك بی
قەد نەدیتراوە یار وا بی باك بی
روحی شیرینمان وا چوو بە بادا
مەستیِ جەمالین نەك مەستی بادا

ئەم هەلبەستە لە گەل ابو بکر شاخی دامناوە

روژم وەك شەوە روژم وەك شەوە
لە دووری یارم روژم وەك شەوە
دلم بی سەرو شوین ماوە وونە
سینە مووەك قەفەس ئیستا کون کونە
گەر شەیدا ئەلی بو شوین کار منە
یار خو یارم بو ئیستا دوژمنە
زولفی سیاهی مووژەی چاوانی
ئامادەی کردو بو سینەم هانی
چارەم نەمابوو دل پەریشانی
بەندی زنجیر بووم بە دوو زولفانی
بویە کە دائم روژم وەك شەوە
بەندی زولفانی وەك زیندان وانە
لە ژیر سوخمەیە باخو بیستانە
هەرچەن ئەیبینم ئەبم دیوانە

بەند هەرچەند تال بی دل شادومانە
بویە کە دائم روژم وەك شەوە

راستو چەپی کرد چاوی ترسناك
هوشم پی نەما کەوتمە سەر خاك

ووتم جاری دی نابینم رونـاك
تەن کەوتە ئاگر گیان کەوتە هیلاك

بویە کە دائم روژم وەك شەوە
نیقابی لادا هوشم پی نەما

ووتم سیدارەم ئیستا بو دانا
تازە کەس نیە نەجاتم بدا

شوکر بو خودا گەر پیم دا وەفا
بویەکە دائم روژەم وەك شەوە

تیری چاوانی کەوتە ناو کەوان
ووتم هەر ئیستا رووح ئەکا نەمان
بیری کردەوە لە ترسی یەزدان
الحمدالله نەمی کرد بی گیان

بویە کە دائم روژم وەك شەوە
گولی ئالو والا شەونم لی ئەدا
نەسیمی بەهار بونەکەی ئەبا
« شەیدا » بیان ناکری بوت ئەم بەهارە
یان شەرحی گول کەی یان ئەو گولزارە
هەستی کانگای ژیانە

خوا دەس داری بی دەستو نەوام نەکەی جاری
خەزینە ەی توهەردەم پرە پیشکەشم کەتوبەدیاری
منیش دەستی هەزاران گرم بە ریزەوە
بی بەشیان نەکەم لەوەی داوتە لە سامانو دارایی
لە رەحمی توقەت کەمنابیت ئەگەرکەمو ئەگەرزور
لە توانـاتا ئەگەر بیدەی ببەخشە تو بەخشی داری
بە ناوی گەورەییت قەسەم داوا ئەکەم لەرەحمیتو
دلنیام کە بە رەحمی خوت دەرم بینە لەجیی تاری
بمبەخشە بە رەحمی خوت یارمەتیم بە لەهەر کاری
وە لە پاشان سەرم بخە بەسەر دوژمنو کووفاری
وە لیم خوشبە کاری قورسم بو ئاسان کە
وە چاوم لی بپوشە ، لە هەر گوفتارو کرداری
ئەمجا «حوسنی» سەلاوت لە سەرخوشەویستتمستەفا
رەحمەت بە سەردا بباری وەکوو بارانی بەهاری

بیرەسپانی گەورە میژووی ١٤/٨/١٩٧٠ بە ناوی خوای گەورە تەواو بوو .

لە هونراوەکانی حمە سعید معروف شیخە شەیدائی بریتیە لە چەند هەڵبەستێکی وێژەیی و دوو چیرۆکی بەناوبانگ و خوش لە سەر ئەرکی حاجی حسن حاجی فتاح سعید اغاوە صاحبی کتیبخانەی پیشەوای غەزالی بەرامبەر مزگەوتی گەورە لە چاپ دراوە وە لەوی چنگ ئەکەوی .

بەم زوانە چاوەروانی چیرۆکی ٣ کوستەی سەرسوورینەر بکەن لە بلاو کراوەکانی ١ چل چرای ئیسلام

٢ ــ سوزی دلداری .

٣ ــ مەکری ژنان .

٤ ــ گولالەی بەهاری جوانیم .

هەتاکو ماوم بە رووی دنیاوە . خوش رائەبویرم بریارم داوە بەهارت حوسنی بە شادمانی . هەر ببەرە سەر هەتا ئەتوانی

دانەی بە ((١٠٠)) فلسە